# تۆوێکی بچووک، چیرۆکی وانگاری ماتای

# A Tiny Seed: The Story of Wangari Maathai




Nicola Rijsdijk
Maya Marshak
Agri Afshin

3
کوردی ckb / English en

لە گوندێك لە دامێنی چیای کینیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، کچێکی بچووك لەگەڵ دایکی لەسەر کێڵگەکان کاری دەکرد. ئەو ناوی وانگاری بوو.

. . .



In a village on the slopes of Mount Kenya in East Africa, a little girl worked in the fields with her mother. Her name was Wangari.

وانگری پێی خۆش بوو لە دەرەوە بێ. خێزانەکەیان بێستانێکیان لە بەر ماڵ هەبوو. ئەو بە چەقۆیەکی گەورە زەوییەکەی دەکێڵا و تۆوی بچووکی دەخستە ناو زەوییە گەرمەکەوە.

. . .



Wangari loved being outside. In her family’s food garden she broke up the soil with her machete. She pressed tiny seeds into the warm earth.



بەلای ئەوەوە خۆشترین کاتی ڕۆژ، دوای خۆرئاوابوون بوو. کاتێك هەوا تاریك دەبوو کە ئیتر نەدەکرا گژوگیا ببینێ، دەیزانی کە ئیتر کاتی ئەوەیە بگەڕێتەوە ماڵەوە. ئەو بە باریکەڕێی ناو کێڵگەکاندا دەڕۆی و لە رووبارەکان دەپەڕییەوە، بەرەو ڕێگای خۆی.

. . .

Her favourite time of day was just after sunset. When it got too dark to see the plants, Wangari knew it was time to go home. She would follow the narrow paths through the fields, crossing rivers as she went.

وانگری کچێکی زیرەك بوو و دەیهەویست بچێت بۆ قوتابخانە. بەڵام
دایك و باوکی پێیان خۆش بوو لە ماڵ بمێنێتەوە و یارمەتییان بدات. کاتێك
تەمەنی بوو بە حەوت ساڵ، برا گەورەکەی، دایك و باوکی رازی کرد کە
رێگەی وانگری بدەن بۆ قوتابخانە بڕوات.

• • •



Wangari was a clever child and couldn’t wait to go to school. But her mother and father wanted her to stay and help them at home. When she was seven years old, her big brother persuaded her parents to let her go to school.



ئەو حەزی لە شت فێربوون بوو! وانگری لەگەڵ هەر کتێبێك کە
دەیخوێندەوە زیاتر و زیاتر شت فێردەبوو. ئەو لە بەر زیرەکییەکەی لە
قوتابخانە بانگهێشتیان کردە ئەمریکا بۆ خوێندن. وانگری زۆر خۆشحاڵ بوو!
ئەو دەیهەویست شتی زیاتر لەبارەی جیهانەوە فێر بێت.

• • •

She liked to learn! Wangari learnt more and more with every book she read. She did so well at school that she was invited to study in the United States of America. Wangari was excited! She wanted to know more about the world.



وانگاری لە زانکۆی ئەمریکا زۆر شتی نوێ فێر بوو. ئەو لەبارەی ڕووەکەکانەوە دەیخوێند و بزانێت چۆن گەورە دەبن. هەروەها بیری لە بوو کە خۆی چۆن گەورە بووە: چۆن لە گەڵ براکانی لەناو دارستانە جوانەکانی کینیادا یاری دەکرد.

. . .

At the American university Wangari learnt many new things. She studied plants and how they grow. And she remembered how she grew: playing games with her brothers in the shade of the trees in the beautiful Kenyan forests.



ئەو دەیزانی هەرچەند زیاتر شت فێر بێ، هەستی خۆشەویستی بۆ
خەڵکی کینیا زیاتر دەبێت. ئەو دەیهەویست ئەوان خۆشحاڵ و ئازاد بن. لە
گەڵ زیاتر فێر بوونی، زیاتر بیری وڵاتەکەی خۆی لە ئەفریقیا دەکردەوە.

• • •

The more she learnt, the more she realised that she loved the people of Kenya. She wanted them to be happy and free. The more she learnt, the more she remembered her African home.



كاتێك ئەو لە خوێندن تەواو بوو، گەڕایەوە بۆ کینیا. بەڵام وڵاتەکەی گۆڕانکاری بە سەردا هاتبوو. زەوی و زارە گەورەکان سەرتاسەری وڵاتیان داگرتبوو. ژنەکان داریان نەبوو کە ئاگر بکەنەوە و خواردن دروست بکەن. خەڵك هەژار بوون و منداڵەکانیش برسی بوون.

• • •

When she had finished her studies, she returned to Kenya. But her country had changed. Huge farms stretched across the land. Women had no wood to make cooking fires. The people were poor and the children were hungry.



وانگری دەیزانی کە دەبێ چی بکات. ئەو ژنەکانی فێر کرد کە چۆن لە تۆوە چکۆلەکان دار بڕوێنن. ژنەکان دارەکانیان فرۆشت و پارەکانیان بەبەشی بۆ خێزانەکانیان بەکار هێنا. ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون. وانگری وای لێکردن کە هەست بە بەهێزی و دەسەڵاتداری بکەن.

. . .

Wangari knew what to do. She taught the women how to plant trees from seeds. The women sold the trees and used the money to look after their families. The women were very happy. Wangari had helped them to feel powerful and strong.



کات تێپەڕی و دارە نوێیەکان گەورە بوون و د دارستانیان لێ دروست بوو، ڕووبارەکانیش دووبارە بووژانەوە. چیرۆکی وانگاری بە هەموو ئەفریقیادا بڵاو بۆوە. ئەمڕۆ بە ملیۆن دار گەورە بوون بە هۆی تۆوی وانگاری.

. . .

As time passed, the new trees grew into forests, and the rivers started flowing again. Wangari’s message spread across Africa. Today, millions of trees have grown from Wangari’s seeds.

وانگری بە سەختی کاری کردبوو. خەڵکی هەموو دونیا کارەکەیان بەرز نرخاند و بەناوبانگترین خەڵاتیان پێدا. پێی دەڵێن خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ. وانگری یەکەمین ژنی ئەفریقیا بوو کە ئەو خەڵاتەی وەرگرت.

. . .



Wangari had worked hard. People all over the world took notice, and gave her a famous prize. It is called the Nobel Peace Prize, and she was the first African woman ever to receive it.

وانگاری لە ساڵی 2011 کۆچی دوایی کرد، بەڵام ئێمە دەتوانین هەرکات چاومان بە دارێکی جوان کەوت، ئەومان بەبیر بێتەوە.

. . .



Wangari died in 2011, but we can think of her every time we see a beautiful tree.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

تۆوێکی بچووک، چیرۆکی وانگاری ماتای

## A Tiny Seed: The Story of Wangari Maathai


Nicola Rijsdijk
Maya Marshak
Agri Afshin (ckb)


CC BY